# شانۆی کوردی لە هەندەران
## «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف
(سوید)

### ڕاهێنان و پرۆڤە

لە زۆربەی کارەکانمدا ڕاهێنانی ئەکتەر پێش پرۆڤەکردن لەسەر شانۆنامەکە قۆناغێکی گرینگ لە کارەکانم پێک دەهێنێت، بەبیرم نایەت لە هیچ کارێکمدا بەبێ ڕاهێنانی پێشتری ئەکتەر، بەبێ وۆرکشۆپێکی سەرەتایی، دەستم بە پرۆڤە کردبێت، ئەمەش بە مەبەستی ئامادەکردنی ئەکتەرە بۆ ئەو شانۆنامەیە، هەروەها نزیککردنەوەی لەو شێواز و فۆرمەی کە نمایشەکە دەیخوازێت. باوەڕیش ناکەم هیچ جارێک یەکسەر بەبێ مەشقێکی سەرەتایی ئەکتەران، پێم نابێتە ناو پرۆڤە و جیهانی شانۆنامەکەوە. ئەم قسەیەم سەرجەم کارەکانم، نەک هەر نمایشەکانی تیپی ئارارات دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ئارارات و بەزمانەکانی غەیری کوردی ئەنجامم داون، تەنانەت شانۆگەرییەکی گەورەی وەک "هەزار و یەک شەوە" کە لەلایەن شانۆیەکی فەرمیی سویدی، وەک شانۆی (شاری هێلسینگبورگ) ، یان شانۆگەری "تەرتووف" بە ئینگلیزی لە لەندەن و "یاری بە ئاگر" بە زمانی ڕووسی لە پیتەربورگ پێشکەش کراوە، ئەوە باسی کارە عەرەبییەکان ناکەم، کە هەموویان بە قۆناغی وۆرکشۆپی ئامادەکاریدا تێپەڕیبوون.

دیارە ئەم ڕێچکەیە لە سەرەتای دروستبوونی تیپی شانۆی ئاراراتدا، هێشتا بەتەواوەتی لەلام گەڵاڵە نەبووبوو، هەرچەندە سەرەتاکەی لە ئاراراتەوە دەستی پێدەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەتەواوەتی پیادەمان دەکرد.

ئێمە هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، چەندان کاری تەواونەکراومان تاقیکردەوە، پرۆڤە و مەشقمان لەسەر چەندان شانۆنامەی جیهانی و عەرەبی و خۆماڵی کرد،




**شانۆی (تیاتر ٣) لە ستۆکهۆڵم کە شانۆیی گێژەنی تێدا نمایش کرا**

یەکەمین جار بوو دەست بۆ شانۆنامەیەکی خۆماڵی بەرم، ئەوەبوو وەک پێشتر گوتم، هیچیان نەگەیشتنە نمایش، ئەم ئەزموونە بۆ ئەکتەرەکان وەک ئەوە وابوو کە مەشق و ڕاهێنانیان کردبێت، ئەو تاقیکردنەوانە ڕاستە جۆرە بێزارییەکی لەلایان دروست کردبوو، بەڵام بێ ئەنجامیش نەبوون، بۆ ئەکتەرەکانیش، ڕاهێنانێکی باش بوون، نەک تەنیا بۆ ئەکتەرەکان، دەتوانم بڵێم بۆ خۆشم ڕاهێنانی باش بوون. ئەو ساڵانەی پێش شانۆیی گێژەن، ڕاستە هیچ هەوڵێکم تاکو نمایش بڕی نەکرد، بەڵام وەک ڕێژیسۆر نەوەستابووم و لەکار نەکەوتبووم.

هەندێک جار بە قوتابییەکانی دەرهێنانی شانۆیی دەڵێم، بەردەوام خەریکی پرۆڤە بن، گرینگ نییە دەگەنە نمایش، یان نە، گرینگ ئەوەیە شانۆییەک هەڵبژێریت و لەگەڵ گرووپێک لە ئەکتەران کاری لەسەر بکەیت. پرۆڤە و ڕاهێنان و مەشقکردن، دەرهێنەر دەکات بە ڕێژیسۆر. جاروبار قوتابییەکان یەکسەر بیریان بۆ نمایش دەچێت، یەکسەر بیریان بۆ بودجە و لایەنی دارایی و نەبوونی جێگە و ڕێگای گونجاو دەڕوات، ئەمەش لە قۆناغی خوێندندا بە دەگمەن بۆ قوتابی دەلوێت، بەڵام کارکردن بە مەبەستی ئەزموون و تاقیکردنەوە، نەک بە مەبەستی نمایش، سنووردار نییە، کەسێک ویست و ئارەزوو و خواستی هەبێت، دەتوانێت ئەزموونێکی باش دەستەبەر بکات.

هەر نەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەری خاوەن بەهرە و خواستی هونەریی لە یەک نزیک دەبنەوە و زمانێکی هاوبەشی نواندن دەخوڵقێنن، زمانێک کە بۆ سەرکەوتنی کاری شانۆیی گەلێک گرینگە.

لە ئەنجامی ئەو چەند تاقیکردنەوە ئەرێنیانەی تیپی ئاراراتدا، کە نمایش نەکران، بۆچوونەکانمان دەربارەی شانۆ و ئەرکی شانۆ لەو سەردەم و بارودۆخەدا، سەبارەت بە پرۆسەی پرۆڤەکردن و خۆبەخشانە خۆتەرخانکردن، دیدگە و ڕوانگەمان تا ڕادەیەکی باش لە یەکدی نزیک بووبووەوە، تا دەهات نەخشەڕێگە و بۆچوونمان بۆ ئاییندەی تیپ ڕوونتر دەردەکەوت، ئیدی دەمانزانی دەمانەوێت چی بکەین، چ جۆرە شانۆییەک هەڵبژێرین و بە چ شێوازێک نمایشی بکەین.

مەشق و ڕاهێنانەکانی پێش پرۆڤە، بە پلەی یەکەم بە مەبەستی خوڵقاندنی زمانێکی هاوبەشی نواندن بوو. دیارە بەشداران هەمیشە بە بنەما و ئەزموون و پاشخانی هونەری و ڕۆشنبیری جیاوازەوە دەهاتنە ناو کاری هونەرییەوە، کەسانی خاوەن ئەزموون، کەسانی کەم ئەزموون، هەندێک هەر تەواو ئارەزوومەند، کەسانێک کە هێشتا پێیان نەختبووە سەر شانۆ، ئەمە بە تایبەت ئەگەر باس لە بەرهەمی منداڵ بکەین، کەسانێک کە لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان خوێندوویانە، کەسانێک کە ئەزموونی تیپەکانی کوردستانیان هەبووە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا ڕاهێنان و مەشقی پێش پرۆڤە، بەلای منەوە میتودێکی پێویست بوو بۆ گەیشتن بە هاوئاهەنگی و جۆرە هارمۆنیایەک لە نمایشدا. ڕاهێنانی پێش پرۆڤە لە ئاراراتدا، ڕێگەی بۆ ئەوەش خۆش دەکرد کە بەشداران بە هەندێک بنەما سەرەکییەکانی نواندنی فیزیکی بیومیکانیکانە ئاشنا بن، ئەمەیش دیارە هەر کەسەو بە گوێرەی ئەزموون و پاشخانی هونەریی خۆی جێبەجێی دەکرد، بەڵام ڕاهێنانی ئەکتەر بەدەر لەوەی ئاشنابوون بێت لەگەڵ میتودی دەرهێنان و کەرەستە و تەکنیکی دەرهێنەر، میتودێکە بە مەبەستی دینامیکییەت لە فەزای نمایشدا، ئەمەیش لەو باوەڕەوە دێت کە ڕاهێنانی پێش پرۆڤە هۆکارێکی باشە بۆ دۆزینەوەی دینامیکییەت و وزە، ئەو دینامیکییەتەی کە نمایشەکە پێویستی پێیەتی و نەبزی ناوەوەی نواندنە. دینامیکییەتی پێش پرۆڤە دەگوازرێتەوە بۆ ناو پرۆڤە، ئەوەی لە پرۆڤەشدا جێبەجێ دەکرێت، هەر ئەوەیە کە پاشان بینەر دەیبینێت.

ئەکتەرەکانی ئارارات پاش نمایشکردنی «گێژەن» ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو ئەزموونانەی نەگەیشتنە کۆتایی وەک زۆر کەس لێرەو لەوێ دەیانگوت بێ ئەنجام

بوون، هەر ئەو ئەزموونانە هەوڵی سەرەتایی دروستبوونی زمانێکی شانۆیی هاوبەش بوون، زمانی گوزارە و دەربڕینی شانۆیی یەکگرتوو لەلای ئەکتەرەکانمان کە سەرەتاکانی لەو ئەزموونانەوە چەکەرەی کرد، کە لە ڕووی تانە و تەشەرەوە، بەبێ ئەنجام ناوبرابوون.

زمانی شانۆیی ڕەوان و دینامیکی هەر چوار ئەکتەرەکەی گێژەن، کوردۆ گەلاڵی، پشکۆ ناکام، قاسم عەزیز، شێروان فەیسەڵ، هەر لە یەکەم ئێوارەوە ئەم ڕاستییەی سەلماند، ئەو ئەکتەرانە لە پرۆڤەکاندا، هەر یەکەو بە پلە و ئاستێکی جیاواز، بەئاسانی ڕێنماییەکانی دەرهێنەریان بەرجەستە دەکرد، بەڵام بەو پێیەی کە کوردۆ گەلاڵی و پشکۆ ناکام دوو ئەکتەری سەرەکی گێژەن بوون، ئەوەبوو پاشتر لە "ڕووتبوونەوە"دا کارامەتر و چالاکتر نەبز و ڕیتمی شانۆنامەکەیان دەدۆزییەوە و پەییان بە زمانی هاوبەشی نمایشەکە برد، زمانێک کە بۆ ئارارات بووبوو بە مۆرک و پرۆفیلی تایبەت بە خۆی، هەر ئەم زمانە هونەرییە بووبوو بە شوناس و کەسایەتی هونەریی تیپەکە. دەکرێت سیمای ئەم زمانە شانۆییە بەم شێوەیە دابڕێژم: بەرجەستەکردنی فیزیکی دینامیکیانە و بە وردی دەستنیشانکردن و چەسپاندنی زەمەنی ڕیتمێک و بەرجەستەکردنی ناوەرۆکی بە ئیستێتیکای گرۆتێسکئامێز و بە شێوازی شێوازەکی و مەرجەکی.

ئەم پرۆفیلە لە "گێژەن" و"ڕووتبوونەوە" و "دوو پێغەمبەر"دا پیادەکراوە، ئەم شێوازە مەرجەکییە (مەجازییە)ی هەر سێ شانۆنامەکە، یارمەتیدام کە بتوانم زمانێکی دینامیکی هاوبەش بۆ جووڵە و بوونیان لەسەر شانۆدا بەکار بێنم، دیارە هەر بەرهەمە و بە شێوازێکی جودا، بە ئەندازەی قەوارەی شانۆنامەکە و فۆرم و ناوەرۆکی دەقەکە، بەڵام هێڵێکی هاوبەش بە یەکیان دەبەستێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرسێکیان داهێنانی یەک نووسەرن "مرۆژێک" کە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی و لە شانۆی هاوچەرخدا دەنگێکی جیاهەڵکەوتووە.

ڕاهێنانی پێش پرۆڤەی کردەیی لە گێژەندا نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، وەک یەکەم هەنگاوی تیپ بۆ دۆزینەوە و چەسپاندنی زمانێکی هاوبەشی نمایشکردن، کاتێکی زۆرمان پێویست نەبوو، ئەکتەرەکان تازە ئاشنای زمان و جیهانی مرۆژێک دەبوون، کەسیان پێشتر کاریان لەسەر بەرهەمی ئەو نووسەرە نەکردبوو، نەک هەر ئەوان، ئەوەندەی من بزانم ناوی مرۆژێک بۆ شانۆکاری کورد تەواو نامۆ بوو، بۆیە بە باشم زانی ڕێگەی ڕاهێنانی کراوە و بێ بەربەست بگرینەبەر، ڕاهێنانێک کە پشت بە پشکنین و سۆراخ ببەستێت، تاقیکردنەوەی فەزا و پێوەندییەکانی دەوروبەر، ئەمە جگە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەی دروست دەربارەی نووسەر و شانۆنامەکانی، سۆراخی بەرهەمەکانی مرۆژێک لە سوێد کارێکی زۆر سەخت نییە، چونکە ئەو لە سوێد باش ناسراوە، ڕەنگە سوێد لە مرۆژێک ناسیدا، پاش پۆڵۆنیا کە وڵاتی خۆیەتی و فرەنسا کە وڵاتی تاراوگەی بوو، سێیەم وڵات بێت کە زۆربەی بەرهەمەکانی تێدا نمایش کرا بن.

تیپی شانۆی ئارارات شانازی ئەوەی بەردەکەوێت، کە بۆ یەکەم جار مرۆژێک بە زمانی کوردی پێشکەش کرد و بە شانۆکاران و ڕۆشنبیرانی کوردی ناساند، هیچ یەکێک لەوانەی کە مرۆژێکیان کردووە بە کوردی، یان وتاریان لەسەر نووسیوە، ئەوانە مرۆژێکیان بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی تیپی ئاراراتەوە ناسیوە، بەڵام لە هیچ نووسینێکیاندا ئاماژەیان بەم ڕاستییە نەکردووە. یەکێک لە ئاکارە جوانەکانی دابونەریتی نووسین و نمایش لەلای ئەوروپاییەکان، ئەوەیە کە لەو بوارەدا ئاماژە بە دەستپێشخەری یەکەم دەدەن، باس لەوە دەکەن ئەو کەسە کێ بوو کە بۆ یەکەم جار لە کولتوور و ئەدەبیات و هونەری وڵاتەکەیاندا و بەزمانەکەی خۆیان ئەو دەستپێشخەرییەی کردووە. کاتێک لە شانۆی نەتەوەیی سوێدی، شانۆنامەیەک، بۆ نموونە شانۆنامەیەکی یۆجین ئۆنێل پێشکەش دەکەن، لە پرۆگرامی نمایشەکەدا ئاماژە بەوە دەدەن: کێ بوو یەکەم جار ئەو نمایشەی بە سوێدی کردووە؟ کێ بوو بۆ یەکەم جار کاری دەرهێنانی بۆ کردووە؟ ئەم ڕاستییانە لە کەسانی دیکە کەم ناکاتەوە، پێم سەیرە کە وەرگێڕەکانمان، ئەوانەی کە بەشی زۆری ساڵانی تەمەنیان لە ئەوروپادا بەسەر بردووە، ئەم دابونەریتە ئەدەبییە نەزانن، لە بری ئەو ڕاستییە وای پیشان دەدەن کە لە ئاسمانەوە ئیلهامیان بۆ هاتووەتە خوارێ.

ئەکتەرەکان لە گێژەندا هەر لە سەرەتاوە دەیانویست، بەزووترین کات جووڵەکان و پێکهاتەکانی سەر شانۆ



**دیمەنێک لە شانۆیی گێژەن**

بچەسپێنرێت، نیگەرانی ئەوە بوون گێژەنیش بە دەردی شانۆنامەکانی پێشوو بچێت و نمایش نەکرێت، بۆیە دەیانویست بە زووترین کات بگەنە ئەنجام، بەتایبەت کە مرۆژێک بۆ خۆشم نوێ بوو، هەندێک ڕۆژ سەرەڕای مەشق و ڕاهێنانێکی زۆر، نەدەگەیشتینە ئەنجامێکی کۆنکرێت، ئەکتەران نیگەران دەبوون، وەک گوتم ئەوان دەیانویست زوو بگەنە ئەنجامێکی کۆنکریت، منیش بە هیچ جۆرێک ئەوەم بەلاوە مەبەست نەبوو، دەمویست پەلە نەکەم، دەمزانی لە دۆخێکی ئاوادا ئەنجامی کۆنکریت بەئاسانی نایەتە دەست، چونکە ئەم جۆرە ڕاهێنانە پرۆسەیە، لە قۆناغی یەکەمدا ئەنجام تێیدا نابێت گرینگ بێت، ئێمە تەنیا توانایییەکانی خۆمان تاقی دەکردەوە، توانایی و ئامرازەکانی دەربڕینمان تاووتو دەکرد، لە فەزای نمایش و پێوەندییەکان و پانتایی داهێنان و ئەندێشەمان دەکۆڵییەوە، ئەنجامی ئەم پرۆسەیە تەنیا لە پرۆڤەدا دەردەکەوێت. ئەم ڕاهێنانە پاشتر ڕێگای بۆ پرۆڤەکانی قۆناغی کۆتایی ئاسان کرد.

ڕۆژانی پێش پرۆڤەی کردەیی" گێژەن" زۆری خایاند، نزیکەی دوو هەفتە، ئەم شێوازە بۆ ئەکتەرەکان نوێ بوو، ئەوان لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە پاش دابەشکردنی ڕۆڵەکان و خوێندنەوەی شانۆنامەکە، یەکسەر بچنە ناو پرۆسەی پرۆڤەوە، بۆیە کە ڕۆژانی خوێندنەوە و ڕاهێنانەکانی پێش پرۆڤە درێژەی کێشا، سەرنجم دا جۆرە نیگەرانییەکی لەلای ئەکتەرەکان دروست کردبوو، بەلام دڵنیابووم لەوەی کە شانۆنامەی گێژەن، ئەو شانۆنامەیەیە کە من مەبەستمە، ئەو شانۆنامەیەیە کە دەمێکە بە دوایدا دەگەڕێم، دڵنیام ئەم جارەیان بەرەو نمایش دەڕۆین، بەخۆم دەگوت: ئەم شانۆنامەیە دەبێت نمایش بکرێت.

ڕەنگە کەسانێک هەبن پێیان وابێت وۆرکشۆپێکی یەک، یان دوو هەفتەیی پێش پرۆڤە، کاتێکی زۆر لە قۆناغی پرۆڤە داگیر بکات، ئەم بۆچوونە بە تایبەتی لە شانۆ ڕەسمییەکاندا بڵاوە، بەڵام خاوەنی ئەم بۆچوونانە بێ ئاگان لەوەی کە لەو سەرەوە ڕێگاکەت بۆ کورت دەکرێتەوە، بێ ئاگان لەوەی کە لەو سەرەوە چەند کاتت بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەکتەرەکان ئاشنای توانایی فیزیکی یەکدی دەبن، کۆسپ و ئاستەنگ لە ڕووی پێوەندییەکاندا دەتوێنەوە، چەند کەرەستەیەکی دەربڕین و بەرجەستەکردنی نوێ تاقی دەکەنەوە، لەسەر پانتایی کارکردنیش ڕادێن، ئینجا بڕیارم دا بوارێکی باش بۆ خۆم برەخسێنم، تا بتوانم باشتر ئاشنای توانایی جەستەیی و شارەزای لایەنی دەروونی ئەکتەرەکان بم.

ئەم شێوازی کارکردنەم بۆ یەکەم جار لە «گێژەن»ەوە دەست پێکرد، بەڵام دەستپێکی ئەم شێوازە لە " گێژەن"ەوە بوو، ڕاهێنانی پێش پرۆڤە، بەدەر لە تاقیکردنەوەی هەر میتودێک، کە بۆ من بیومیکانیک بناغە و پرنسیپە، هەر نەبێت ڕاهێنانێکی فیزیکییە، کە یارمەتی ئەکتەرەکان دەدات جۆش و وزەی خۆیان بخەنە کار، فێری ئەوەیان دەکات کە گوزارەی جەستەیی پرۆسەیەکی خۆڕسک و خواسایی نییە و پێویستی بە ڕاهێنانە، دەربڕینی جەستەیی وەرزشی خۆی هەیە، لەم وەرزشەدا جەستەمان تاقی دەکەینەوە، توانینی دەربڕینی دەزانین، لەمپەر و کۆسپ و ئاستەنگەکانی وەک شەرم و ترس و گرژی و ڕارایی پێ ڕادەماڵین، هەموو ئەم مەشقانە دەکەین، پێش ئەوەی بچینە ناو پانتایی پرۆڤەوە، ئەگەرنا دەبێت هەموو ئەم کێشانە لەگەڵ خۆمان هەڵگرین و بیانگوازینەوە بۆ ناو پرۆڤەکان.

بە ئەزموونی کەسێتی خۆم ئەوە دەزانم کە بەر لە هەموو کارێکی شانۆیی، ڕاهێنانی جەستە ڕێ خۆشکەرە و ئاسانکارە، بەڵام ئەوەیش دەزانم کە هەر ڕاهێنانێکی جەستەیی لەشانۆدا دەبێت لەسەر میتود و ڕێباز بڕوات، هەندێک جاریش ڕێباز، یان میتودی کارکردن بە کارکردن خۆی و پاش کارکردن دەخەملێت و گەڵاڵە دەکات. ئەگەر ڕاهێنانەکان کەمترینی ئەم ئامانجانە بپێکن، ئەوە خۆی لە خۆیدا بۆ پرۆڤەکانمان ڕێ خۆشکەر دەبن، هەمیشە

ئەوەم دووپات دەکردەوە کە مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوە نییە ئەمڕۆ و هەر ئێستا بگەینە ئامانجێکی کۆنکرێت و حازربەدەست، ئەوەم دووپات دەکردەوە کە: مەبەستی سەرەکیمان ئەوە نییە بزانین دەگەینە کوێ، ئێمە خۆمان بۆ گەشت و سەفەرێک ئامادە دەکەین، تواناییەکانمان دەخەینە گەڕ، خۆمان بۆ پرۆڤە، بۆ نمایش ئامادە دەکەین.

وەنەبێت خۆئامادەکردن تەنیا بۆ ئەکتەر بەسوود بێت، بگرە بۆ دەرهێنەر بەسوودتر و پێویستترە، ئەم قسەیە سەرجەم هاوکارانی بەرهەمەکە دەگرێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە، سینۆگراف کە دەتوانێت سوود لە قۆناغی ڕاهێنان و پرۆڤە وەربگرێت، دەکرێت ئەویش شارەزاییەکی باش سەبارەت بە توانایی ئەکتەرەکان و جووڵە و کردارەکانیان بەدەست بهێنێت.

ئەکتەرەکانمان فێری ئەوە نەبوون، دوو هەفتە کۆببنەوە و ڕاهێنان بکەن بەبێ ئەوەی کار لەسەر جووڵە و میزانسین بکەن، دانانی میزانسین بۆ من قۆناغێکی پاشترە، دەشمزانی ئەکتەر هەمیشە پێی خۆشە ڕێژیسۆر تا زووە پلانی جووڵەی بۆ ساغ بکاتەوە، ئەمەش ئەرکی سەرەکی ڕێژیسۆرە، بەڵام ئەم ئەرکە بۆ من پاشتر دێت، پاش ڕاهێنانی سەرەتایی دێت. پێش هەموو شتێک دەمەوێت زمانی نمایشەکە، میتودی هاوبەش لە چوارچێوەی کارەکەدا بۆ ئەکتەرەکان بخەمە ڕوو، کە ئەم ئەرکەم بەجێ گەیاند، ئیدی میزانسیندانان زۆر بە خێرایی دەڕوات، ئەوەندە خێرا کە ئەکتەرەکان ڕەنگە سەرسام بن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەکتەر، خۆی پاش ئەو ڕاهێنانە، پاش ئەوەی زمانی هاوبەشی نمایش دەدۆزێتەوە و پرۆڤە لە دوای پرۆڤە لە میتودی دەرهێنەر تێدەگات، خۆی لە خولقاندنی میزانسینی کارا و کاریگەردا دەبێت بە داهێنەرێکی کارا و چالاک، ئەم شێوازە هانی ئەکتەر دەدات وەک داهێنەرێکی چالاک لە دروستکردنی میزانسینەکان بەشداری بکات، نەک تەنیا ئامێرێک بێت، یان بووکەڵەیەک بێت بە دەستی دەرهێنەرەوە و تەنیا ڕێنماییەکانی ئەو جێبەجێ بکات.

بێ گومان ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێ خۆ ئەگەر بتوانم پەلە نەکەم، ئەوە بۆ من باشترین دیارییە، لە گێژەن هەندێک جار هەستم دەکرد ئەکتەرەکان تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ هاتوون، نزیکەی دوو هەفتە بوو ڕاهێنانیان دەکرد، هێشتا میزانسینی تاکە دیمەنێک نەچەسپاوە، بەڵام پاشتر کە دەستم بە دانانی میزانسینەکان کرد، ئیدی چەسپاندنی جووڵەی ئەکتەران ئەوەندەی نەخایاند، دەمەوێت دیسانەوە ئەو ڕاستییە دووپات بکەمەوە کە ڕاهێنان، بەرچاوڕوونییەک بە ئەکتەران دەدات و کارئاسانیان بۆ دەکات.

فەرموون ئەم نموونەیە کە وەک بەڵگەیەک بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونە باس دەکەم:

لە پرۆڤەیەکی قۆناغی کۆتایی شانۆیی «هەزار و یەک شەوە»دا، یەکێک لە ئەکتەرە بە ئەزموونەکانی شانۆی هێلسینگبورگ، لە لایەکەوە دانیشتبوو سەرنجی پرۆڤەکانی دەدا، پێی سەیربوو کە پرۆسەی دەرهێنان بەو خێراییە بەسەر دەچوو، ئەوەبوو میزانسینەکان یەک لە دوای یەک بەشێوەیەکی دینامیک و ئۆرگانیک جێبەجێ دەکران، ئەکتەرەکە زیاتر بەوە سەرسام بوو، کە ئەکتەرەکان لە پلانی جووڵەکان و دروستکردنی میزانسینەکاندا ڕۆڵێکی داهێنەرانەیان هەبوو، ڕاستییەکەی ئەمە بۆ باڵادەستیی میتود و بەشداریکردنی ئەکتەرەکان لە یەک زمانی شانۆیی و شێوازی بەرجەستەکردندا دەگەڕێتەوە. هەر ئەم تایبەتمەندێتییە دەبێت بە پرۆفیل و کارەکتەری ئەو تیپە، یان ئەو شانۆییە. ئەکتەرەکە سەبارەت بە دینامیکییەتی خولقاندنی میزانسینەکان گوتی: بەم شێوازە بێت، دەکرێت زۆر بە کارامەیی و بە ماوەیەکی کورت شەکسپیریش نمایش بکرێت.

ئەم بۆچوونە دروستە کە بەوردی مێژووی ڕەوتی شانۆیی مییرهولد دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە لە ڕووی ڕێپێرتوار(بەرنامەی نمایشەکان)ەوە، چەند دەوڵەمەند و هەمەجۆرە، هاوکات فرە بابەت بووە، کلاسیک و مۆدێرن بە تەنیشت یەکەوە، شانۆی سیمبۆلیزم و شانۆی سیاسی هاوتەریب بوون، شانۆی جیهانی و ڕووسی و سۆڤیەتیش لە هەمان وەرزدا نمایش دەکران، زمانی هاوبەشیش بیۆمیکانیک و فۆرمی هونەریش گروتێسکانە بوو. قۆناغی پرۆڤەکردن لەلای مییرهولد گەلێک کورت بوو، لەوانە هەر بۆ نموونە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە)ی ئیبسین کە تەنیا پاش سێ ڕۆژی پرۆڤەکردن نمایش کرا، ئینجاش سیرگێ ئەزنیشتەین کە ڕێژیسۆرێکی مەزنی شانۆ و سینەما بوو، بە یەکێک لە شاکارە هونەرییەکانی دادەنێت.

بەش بەحاڵی خۆم، قۆناغی یەکەمی پرۆڤەکان، بەپێی ئەو میتودەی کاری پێ دەکەم، سۆراخ و گەڕانە بەدوای فۆرمدا، فۆرمی هونەریی، ڕۆڵ، یان کەسایەتییەکە، هەر لە دەستپێکەوە کاری من لەگەڵ ئەکتەر بۆ ئەوەیە چۆن بتوانێت فۆرمی هونەریی ڕۆڵەکە بخوڵقێنێت، ئەمەش بە پێچەوانەی میتودی ڕیالیزمی سایکۆلوجییە، چونکە لەم دۆخەدا ئەکتەر دەبێت ڕۆڵەکەی خۆی بە دوور لە کاریگەری و تێکەڵکردنی هەست و سۆز بگێڕێت.

سۆراخ و گەڕان بەدوای فۆرمی هەر ڕۆڵێک، دەکاتە دۆزینەوەی پلاستیکا (ئاکاری و زمانی جەستەیی) گونجاوی کەسایەتییەکە و دۆزینەوە قەوارەی گونجاوی جووڵە و گوزارەکانی، ئینجا پاشتر داوا لە ئەکتەر دەکەم پەنا بەرێتە بەر هەست و سۆز. لەم دۆخەدا گوزارە و دەربڕینی فیزیکی دەکەوێتە پێش گوزارشتی هەست و نەست و سۆز و باری دەروونی ئەکتەر و کەسایەتییەکە، وەک دەرهێنەر ئەوپەڕی توانایی خۆم دەخەمە گەڕ تا بتوانم لەم ئەرکەدا ڕێنمایی ئەکتەرەکان بکەم و دەستیان بگرم.

دەرهێنەر لەم دۆخەدا تا ئەندازەیەکی باش ڕۆڵی ڕێپیشاندەر و شارەزا دەبینێت، ئەم ئەرکەی ڕیژیسۆر وەنەبێت بێ کێشە بێت، بۆ نموونە کاتی خۆی لە شانۆیی «پردی ئارتا»دا خوڵقاندنی فۆرم بۆ من بێ کێشە نەبوو، چونکە خوڵقاندن و چەسپاندنی فۆرمی هونەری ڕۆڵ، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پیشەمەندێتی و وەستایەتی و پاشخانی هونەر و ڕۆشنبیری ئەکتەرەوە هەیە کە دەڵێین فۆرمی هونەری واتە: هەموو ئەو فۆرم و شێوازە شانۆییانە دەگرێتەوە کە لە سەرەتای مێژووی شانۆوە تا ئێستا بەکارهێنراون، ئەمە جگە لە فۆرمەکانی بوارە جیاجیاکانی هونەر و ئەدەب بەگشتی. پیادەکردنی ئەم میتودە لەگەڵ ئەکتەرەکانی ئارارات ئاسان نەبوو، بۆ سووککردنەوەی ئەم بارە قورسە لەسەرشانی ئەکتەرەکان، قۆناغێکی دوورودرێژی پرۆڤەکان، شێوازی ڕاهێنانی ئەکتەری وەرگرت، ئەمە ڕەنگە لە شانۆییەکی فەرمی پیشەمەندا سەیر بێت، بەڵام بۆ تیپێکی سەربەخۆی بچووکی وەک ئارارات کە ئەکتەرەکانی بە قۆناغی ڕاهێنانێکی ئەکادیمیدا تێنەپەڕیون، ئاساییە. دیارە ئەرکی ڕاهێنان پتر کات لە ڕیژیسۆر دەگرێت، لەوەی کە تەنیا خۆی بۆ شێوازە هونەرییەکەی شانۆگەرییەکە تەرخان بکات. لە گێڕەن و دوو پێغەمبەردا سۆراخ و گەڕان بەدوای فۆرمی ڕۆڵەکان کاتێکی زۆری ویست، چونکە ئەکتەرەکان ئاشنای ئەم جۆرە کارکردنە نەبوون، بەڵام هەردوو ئەکتەرەکەی «ڕووتبوونەوە»، پشکۆ ناکام و کوردۆ گەلاڵی، کارەکەیان لە نمایشی «ڕووتبوونەوە»دا ئاسانتر بوو، چونکە پێشتر لە گێڕەندا ئاشنای ئەم میتودی کارکردنە بووبوون.

ئەوانەی نمایشەکانی ئاراراتیان دیوە، ئەو ڕاستییە دەزانن کە شانۆیی (دوو پێغەمبەر) گەورەترین بەرهەمی ئارارات بوو، چ لە ڕووی ژمارەی ئەکتەرانەوە، چ لە ڕووی سینۆگرافیا و تێچووی بەرهەمەکەوە، بۆیە ئەرکی دەرهێنانی سەختتر بوو، ئەوەی زیاتر کاری ڕیژیسۆری سەخت دەکرد، ئەوە بوو کە هەموو ئەکتەرەکانی شانۆگەرییەکە ئەندامی تازەی تیپی ئارارات بوون، دروست وەک ئەوەی سەرلەنوێ تیپی ئارارات دامەزرابێت، ئەمە بۆ من دیسانەوە لە ڕووی شیکردنەوەی بۆچوونی تیوریم سەبارەت بە نواندن و دەرهێنان و ئیستێتیکای نمایش، ئەرکێکی جیاواز بوو کە دەبوایە بیگرمە ئەستۆی خۆم. قۆناغێکی دوو هەفتەییمان لە سۆراخ و پشکنین بەسەر برد، ئاگادار بووم کە ئەکتەرەکان هەستیان بە پەرتەوازەیی و بێ سەروبەری دەکرد، پێم وایە هێشتا نەخشەڕێ و پلانی دەرهێنانەکەیان لەلا ڕوون نەبوو.